



## دوا وتەی د. عەبدولستار تاهیر شەریف بۆ لڤین:

# چیم لێدەکەن؟! عومری پیرە مەڕێکم ماوە با بمکوژن

گفتوگۆی هەردی مەهدیو هیمداد حەمید

●ئەوەی خوێنەر لەم بەشەدا دەیخوێنێتەوە، دوا وشەو بۆچوونی د. عەبدولستار تاهیر شەریفە کە لە ڕۆژی ٢٠٠٨/٣/٥ لە شاری کەرکوکو لە ڕووداوێکی نادیاردا تیرۆرکرا. ئەم ڕووداوە لەژێر هەر بیانوویەکدا بێت، کارێکی نامرۆڤانەیە.

لڤین: هۆکاری وازهێنانت لە پۆستی وەزیریی چی بوو؟

عەبدولستار تاهیر: پێیانوتم تۆ لەسەر ڕاگواستن ڕازی نیتو باسی ئەوەش دەکەیت کە کەرکوك بەشێکە لە کوردستانو لە شوێنێکیش وتووتە ئێمە ئەوەی سەلاحەدینی ئەیوبینو لە کتێبەکەتدا باڵی جەلالی بە نیشتیمانی دەزانیت،کەواتە هێشتا عەتفت بۆئەو باڵە هەیە.

لڤین: ئەی وەزیرەکانی تر هەڵویستیان هەبوو؟

عەبدولستار تاهیر: هاشم ئەمن بوو، لە بەعسدا ئەندامی شوعبە بوو. دەتوانیت بڵێیت عەزیز عەقراوی شێت بوو. هەموو حیمایەکانی عەزیز عەقراوی عەرەب بوونو لە موخابەراتیش بوون. مەلا ماتۆڕ خراپەی دەربارەی کورد نەکردووەو ڕاپۆرتی نەدەنووسی، بەڵام هاشم ڕاپۆرتی لەسەر من دەنووسی.

لڤین:عوبێدوللا بۆ ماوەی چەند وەزیر بوو؟

عەبدولستار تاهیر: ماوەکەی کەم بوو. لەگەڵ بارزانییەکاندا ئیعدامیان کرد.

لڤین: ساڵی چەند بوو و لەسەر چی بوو؟

عەبدولستار تاهیر: ساڵی ١٩٨٣ بوو. ئەوەبوو مەسعود لەگەڵ سەدامدا مفاوەزاتیان دەستپێکردەوە تا لەگەڵ عێراقدا شەڕی ئێران بکەن. بەڵام ئەوان، ئێران پارەو چەکی پێدانو دژی بەعس هاوکاریی زۆری کردن. بەعسیش بەمە تووڕە بوو، ٣٨ لە بارزانییەکانی ئیعدامکرد. لەناویاندا شێخ عوسمانو خالیدی کوڕیو لوقمانو سابیرو عوبێدوڵلای کوڕانی مەلا مستەفا.

لڤین: دەوترێت ئەو کوڕانەی بارزانی پەیوەندیی ژێربەژێریان لەگەڵ ئیدریسدا هەبووە؟

عەبدولستار تاهیر: ئەبەدەن، گەورەترین دوژمنیان بوون. مەسعودو ئەوانیش پێیانخۆشبوو کە ئیعدام کران.

لڤین: هیچ بیرەوەرییەکت لەگەڵ عوبێدوڵلادا هەیە، ئەو بێتاقەتیی خۆی لە بنەماڵەی بارزانی چۆن باسدەکرد؟

عەبدولستار تاهیر: من هاتوچۆی شێخ عوسمانو عوبێدوڵلام دەکرد. ئەو هەر لە سەرەتاوە عەتفی بەلای جەناحی مەکتەبی سیاسیدا هەبوو، جگە لەوەی لەلایەن بنەماڵەوە ئیهانە کرابوو. ئەو کوڕی گەورەی مەلا مستەفا بوو، بەڵام هیچ مەنسەبێکی لەناو پارتیدا نەبوو. هەموو مەنسەبەکانی دابووە ئیدریسو مەسعود.

لڤین: ئەوکاتەی کە ئیعدام کران، لوقمانو سابیرو عوبیدوللا پۆستەکانیان چی بوون؟

عەبدولستار تاهیر: تەنها لە بەغدا دادەنیشتنو پۆستیان نەبوو. جگە لە عیمادی کوڕی شێخ عوسمان کە بوو بە ئەندامی شوعبە. شێخ عوسمان کوڕی شێخ ئەحمەد بوو، واتە برازای مەلا مستەفا بوو.

**لڤین: لە هەشتاکاندا چالاکیی سیاسیتان چی بوو؟**

عەبدولستار تاهیر: دوای دەستلەکارکێشانەوەم لە حیزب، ئیتر لە کاری سیاسی کشامەوەو ئەندامی دەینەی مەجلیسی مەجمەعی کوردیو ئەندامی مەجلیسی عێراقی بووەو ئەندامی مەرکەزیی یەکێتیی ئەدیبانی عێراق بووم. سەدام لە ساڵی ١٩٨٤ نامەی بۆ کاروباری باکوور نووسیبوو و دەڵێت لە سەرۆکی جەمعیەتی سەقافەو یەکێتیی ئەدیبانو سەرۆکی قاموسی محەلی لایبەدن. بەڵام لە مەجلیسی (سن المتضامن) مامەوە، چونکە ئەمەیان جیهانی بوو. بە دەستخەتی خۆی ئەم نامەیەی نووسیوەو برادەرێکیش کە ئەندامی قیادەی قوتری بوو، پیشانیدام. هەر لەو کاتەدا لە زانکۆ وانەبێژ بووەو بە ناونیشانیش (نەك وەزیفە) لە دیوانی سەرۆکایەتی راوێژکار بووم. ئێمە کۆمەڵێك بووین هەر بۆ ئەوەی پەیوەندیمان هەبێت، کردیانین بە راوێژکارو تەنها مووچەکەمان وەردەگرت. دوای ئەوە ئیتر من پلانی ئەوەم دانا کە چۆن دەربچمو هەر لە هەشتاکانیشدا مەنعی سەفەرم لێکرا.

**لڤین: ئەوکاتەی تۆ هاتیت بۆ کوردستانو هەتا ئێستاش پەیوەندیت لەگەڵ کام حیزبدا هەیە؟**

عەبدولستار تاهیر: وەکو شەخسی، پەیوەندیم لەگەڵ هەندێك برادەری پارتیدا هەیەو هەموو برادەرانی یەکێتییش برادەرمن. بەڵام وەکو حیزبی پەیوەندیم لەگەڵ هیچیاندا نییەو ئاڕاستەی فیکرییشم زیاتر بە لای یەکێتیدایە.

لڤین: ئەی ئەو کاتەی کە لەناو پارتیدا بوویت؟

عەبدولستار تاهیر: تا دووبەرەکیی ١٩٦٤ من مەلا مستەفام بە زەعیم زانیوە. لە دوای ئەوەش چەپ بووەو تا ئێستاش هەر چەپم.

**لڤین: کاتێک کۆمەڵە دامەزرا، هیچ پەیوەندییەکیان پێوەکردیت؟**

عەبدولستار تاهیر: نەخێر، پەیوەندییان نەکرد، چونکە مام جەلال هەر لە سەرەتاوە دەیزانی من لەو ئاڕاستەیەی کۆمەڵە نیم. هەتا جارێکیان لە کۆبوونەوەیەك بە مام جەلالم وت تۆ لە لە سۆڤییەتمان دەکەیتو چینیش هیچ پایەو پێشکەوتنێکی نییە، تۆ هەریەکەو سەلکە ماوی-یەکت بە سنگییەوە ناوە، چین هیچ نفوزێکی نییە، تۆ ئێمە لێرە دەفەوتێنیت. ئاخر مام جەلال ئێمەی بردە سەفارەتی چینیو وتارێکی داو سۆڤییەتی کردە دوژمنمان، منیش ماوی نەبووەو مام جەلالیش دەیزانی من لەو خەتە نیم. لە راستییشدا ئاڕاستەکەی من راست بوو، چونکە دواییش مام جەلال خۆی لەوپەڕی چەپەوە هاتە ئەوپەڕی راست. هەستا سۆشیال دیموکراتی دانا کە نە رێکخستنو نە شانەو هیچی تیا نامێنێت.

**لڤین: لەبارەی مستەشارو جاشەکانەوە چی دەڵێن؟ لێرەو لەوێ ئەو تۆمەتەش ئاڕاستەی ئێوە دەکرێت.**

عەبدولستار تاهیر: جارێ پێناسەی جاشم بۆ بکە. یەکەم، ئەوەیە دەبێت بەرامبەر میللەتەکەت چەك هەڵبگریت، من چەکم هەڵنەگرتووە، تەنیا لە کاتی جەلالییەکان نەبێت، ئەوەش هەموومان بووین. دووەم، من دەپرسم من بووم ئاڵای کوردستانم لەسەر پەرلەمان داگرتو ئاڵای عێراقم دانا یان مەسعود بارزانیو پارتی؟! ئەوەم لە نەوەدوشەش بە چاوی خۆم دی، ئەوکات لە هەولێر بووەو خۆم شاردبووەوە. بۆ کەس باسی ئەوە ناکات؟! من چووم حەرەس جمهوریم هێنایە سەر هەولێر؟! بۆ باسی ئەوە ناکەن؟ من ئەم قسانە دەکەم ئەوە واقیعە، کە دەڵێم ئەوکات کە مەلا مستەفا وتوویەتی (ارجعوا الی اعمالکم حره شریفه)، مانای وایە پێشتر پێشمەرگە کارەکەی نە حوڕ بووەو نە کەریم بووەو نە شەریفیش بووە. من ئەمانەم وتووەو لە ژیانمدا نەترساوم. سێیەم، لە شەستوچوارەوە کە لە مەلا مستەفا جیابووینەوەو دووبەرەکی هەبووە، ئیتر نەچوومەوە لای ئەوو پارتی تا ئێستا، بەڵام مام جەلال دە جار چووەوەو لەم دواییانەشدا چووە سەر مەزاری مەلا مستەفاو کردی بە پێغەمبەر. خاڵێکی تریش ئەوەیە، من لەدوای مردنی مەلا مستەفاوە، ئیتر قسەم پێنەوتووە، چونکە ئیتر ئەو کۆتایی پێهات. من هیچ یەك لەم شتانەم نەکردووە.

**لڤین: پەیوەندیت لەگەڵ باڵی ریفۆرمدا چۆنەو هەڵوێستت بەرامبەریان چییە؟**

عەبدولستار تاهیر: من لەگەڵ نەوشیروان برادەرم، ئینجا بۆ نوکتە با شتێکیشتان بۆ بگێڕمەوە، دوای ئەوەی لە هەڵبژاردنەکانی ناو یەکێتیدا سەرنەکەوت، لەگەڵ سەفینی مەلاقەرە چووم بۆ لای، هەندێك تێبینیو رەخنەم لەسەر کەرکوك هەبوو، پێموت: کاك نەوشیروان مەسەلەی چاکسازییەکە (ریفۆرم) گەیشتە کوێ؟ بە پێکەنینەوە وتی: شێخ ستار گەیشتە سەرفسازی. (مەبەستی دەفتەرە دۆلار سەرفکردنو پارەخەرجکردن بوو)، وتیشی: وەڵلا ئەوەمان کردووەو هیچی ترمان نەکردووە. بەڵام نەوشیروان بە هەموو ئیجابیو سلبیاتیەکیەوە لەناو سەرکردایەتیی یەکێتیدا، رۆشنبیرە، نووسەرو خاوەن فیکرەو فایلی نییەو موخابەرات نییە، ئەو ژیانی لەناو حزبێکدا نابێت کە هەمووی فایلە، لەبەرئەوە ناهێڵن، ئەمە سیفاتی ئەو پیاوەیە.

**لڤین: کاتی خۆی وەک لە کتێبەکانیشتدا ئاماژەت پێداوە، باڵێکی شیوعی دەستی بەسەر پارتیدا گرتبوو، لە ناکۆکیدا بوو، ئەی ئێستا پارتی چۆن دەبینێت، چ بۆ شیوعییەکانی ناوی کە لە ئێستادا دەستیان بەسەر راگەیاندنەکەیدا گرتووە، چ بۆ ململانێی ناو سەرکردەکانی ئەو حیزبە؟**

عەبدولستار تاهیر: من رای شەخسیم وایە، کە هیچ لایەنێك ناتوانێت دەست بەسەر پارتیدا بگرێت تا بنەماڵە هەبێت. بەڵام ترسناکترین شت بۆ بنەماڵە، دووبەرەکیی ناوخۆیانە، ئەگەر لەناو بنەماڵەکە تێکنەچن، شیوعییەکانی ناو راگەیاندنی پارتی هەزار کەسیش بن، بە شەوو رۆژێك لایاندەدەن، مەگەر خۆیان نەیانەوێت. ئێستا بنەماڵەکە تا رادەیەك ململانێکەی دەرکەوتووەو هەیە، وەك بێستانێك کاڵەك وایە زەرد بووبێت، گەر بشپرسیت بۆ ململانێ هەیە، ئەوە هی ئەوەیە پارەو سوڵتەکە زۆرە. جگە لەوەش با بپرسین لە دنیادا بووە لە سەدا چلونۆی نەوتی خۆت بدەیت بە کۆمپانیا؟ با قسەیەکیش بۆ دز بکەین، حسێن شەهرستانی لەمەدا راستدەکات، ئەمەش بۆ پارە وایانکردووە، هەر پارەکەش وایکردووە ململانێکەیان زیادبکات.

**لڤین: ئەرشەد زێباریو بنەماڵەکەی ئێستا حزبێکی تازەیان دروستکردووە، ئێوە ئەم سیناریۆو کارانەی ئەرشەد چۆن دەبینن؟**

عەبدولستار تاهیر: ئەوە هەر مەسەلەی جاشایەتییەکەیە، من ئەرشەد لە نزیکەوە دەناسم. ئەمانە پیاوی حزب نینو خائینو جاشن بەرامبەر میللەتەکەیان، هەرکەس پارەی زیاتریان بداتێ، بۆی دەکەن. ئەو ئەزموونەی ئێستا (کە فیدراڵیەتە)، گەورەیە. ئەوان بۆ رووخاندنی ئەو ئەزموونە دروستکراونو وڵاتانی عەرەبییش دروستیکردوون.

**لڤین: بە گێڕانەوەی ئەم مێژووە، لە هەڕەشەی لایەنەکان ناترسیت؟**

عەبدولستار تاهیر: لە چی بترسم؟! من لە ژیانمدا چەند سیاسەتێکم هەیە؛ یەکەم، بە مەبەست لە کەس ناترسم. دووەم، هەمیشە بۆ پێشەو دەڕۆمو ناگەڕێمەوە. سێیەم، من عومری پیرە مەڕێکم ماوە، تا ئێستا کۆڵم نەدابێت، کۆڵ نادەم، با بمکوژنو چوارەمیش ئەوەی دەیگێڕمەوە ئامادەم لەبەردەم دادگادا هەمووی بسەلمێنم.



Scanned by CamScanner